دەرگەی شەشەم

پشێوی ناوخۆی

بەشی یەکەم: پاشگەزبوونەوە (الردة)

پێشەکی: باسی یەکەم : بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە دەرەوەی مەدینە[1]

بڵاوبوونەوەی ئیسلام تەنها لە ناو شاری مەدینەدا نەبوو، چونکە بەر لە دامەزراندنی دەوڵەت هەندێك لە موسڵمانان هەڵسان بە گەیاندنی ئیسلام بە هۆزەکانیان لە دەرەوەی مەککە، وەکو ئەوەی ئەبوزەڕی غیفاری کردی لەگەڵ هۆزی غیفارو نوفەیلی کوڕی عەمری دەوسی لەگەڵ هۆزی دەوس (لە ئەزدی یەمەن).

کاتێکیش دەوڵەتی ئیسلام دامەزرا لە مەدینە، بایەخیدا بە ناردنی بانگخواز بۆ بیابان بە مەبەستی ئاڕاستەکردنی بانگەواز بۆ هۆزەکان، سەرەڕای ئەو مەترسیانەی چاوی دەبڕیە نێردەکان، نموونەی ئەوەیش ڕووداوی رەجیعو (بئر معونه)، هەووەها ئەو نامە بانگەوازیانەی پێغەمبەر (ﷺ) لە ساڵی شەشەمدا لەپاش حودەیبیە بۆ پادشاو فەرمانڕەوای ناوچەی بەحرێن‌و بوصرای نارد.

"یەکەمین جومعەیش کرا - پاش ئەو جومعەیەی مزگەوتی پێغەمبەر (ﷺ)- لە مزگەوتی عەبدولقەیس بوو لە جەواسای بەحرێن".[2]

مەککەیش دوای فەتحکردنی لە ساڵی ٨ ك هاتە ناو ئاینی ئیسلامەوە، خەڵکی تائیفیش لە ساڵی ٩ك موسڵمان بوون، تەوەرەی مەدینە - مەککە - تائیف ناوەندێکی قورسای ئیسلامی پێکهێنا لە شەڕەکانی پاشگەزبوونەوە، ئەنصار و موهاجیرەکان‌و ئەو دوای قوەڕیش‌و موزەینەو غیفارو جوهەینەو بەلحەو ئەشجەع و ئەسلەم و کەعبی لە خۆگرت، سەبارەت بە نەجدیش کۆمەڵێك هەر لە سەر ئیسلام مانەوە لە بەنی سولەیم‌و تەی هودەیل‌و تەمیم - چەند بەشێك لەم هۆزانە جێگیر بوون لەسەر ئیسلام لە بزووتنەوەی پاشگەزبوونەوەو وەکو بەنوعەوف‌و (الابناء)و ڕەباب‌و بەهوا،

---

١) بڕوانە: صالح العلي: الدولة في عهد الرسول (ﷺ)، بەرگی دووەم، و مهدی رزق الله أحمد، الثابتون على الاسلام أيام فتنة الردة.

٢) صحيح البخاري: كتاب الجمعة باب ١١ (فتح الباري ٢: ٣٧٩).

هەندێکیشیان هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام وەکو بەنو حەنزەلەو مەقاعیسو بوتون[1] - ئینجا عەبسو دوبیانو قوزاعە و کەلب و ئەسەد و غەتەفان[2]و هەوازنو عامر[3]، ئەم کۆمەڵانە دژ بە پاشگەزبووەکان ڕاوەستانو توشی کوژرانو ناخۆشی بوون.

بەم شێوەیەش دەبینین هۆزەکان لە نێو خۆیاندا دابەشبوون بە هۆی مانەوەیان و پاشگەزبوونەوە لە ئیسلام. هەروەها ئیسلام گەیشتە باکووری نیوەدورگەی عەرەب لەویش بەنو شەیبانو بەنو عوزرە هەر لە سەردەمی پێغەمبەر دا (ﷺ) موسڵمان بوون،[4] هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) هەڵسا بە ناردنی فەرمانڕەواو بانگخواز بۆ یەمەن وەکو موعازی کوڕی جەبەلو عەلی کوڕی ئەبو تالیب، دواتر ئەبوموسای ئەشعەری نارد بۆ لای ئەشعەریەکان،[5] لە زەبیدو ڕەمەعو عەدەن لە قەراغی دەریا، ئەوانیش بەرنگاری بتپەرسیان کرد لە زۆربەی هۆزەکانی یەمەن، هەروەها بەرەنگاری نەصرانیەت بوونەوە کە بەنو حاریسی کوری کەعب لەسەری بوون، بەهەمان شێوە جوولەکەیش کە حیمیەرو (کثیر) لە کیندە لەسەری بوون،[6] لە ڕاستیدا کارەکانیان بەرهەمی هێناو سەرگەورەکانی حیمیەر موسڵمان بوون، شورەحبیل و حاریسی کوڕانی عەبدو کەلالو نوعەیمی کوڕی عەبدوکەلال و (ذي رعين)[7]، هەروەها بادانی فەرمانڕەوای صەنعایش کە لە لایەن فارسەکانەوە دانرابوو، خۆیو ئەوانەی پیان دەوترا (الابناء) هەموویان موسڵمان بوون[8]، ئینجا یەمەن نێردەکانی خۆی نارد بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) لە ساڵی نۆی کۆچی، لەوانە نێردەکانی کیندەو ئەشعەریەکانو هەمەدانو دەوس،[9] ئەو نێردانەش بڵاوبونەوەی ئیسلامی پیشان دەدا لە یەمەندا، لە ڕاستیدا جێگیربوونی

---

١) الطبري: تاريخ ٣: ٢٦٨، ٢٦٩.

٢) الكلاعي: حروب الردة ٤١، ٤٢، ٤٩، ٥١، ٦٧، ٦٩، والطبري: تاريخ ٣: ٢٤٢، ٢٤٣، وابن الاعثم الكوفي: كتاب الفتوح ١: ٧.

٣) الطبري: تاريخ ٣: ٢٦٤.

٤) وابن الاعثم الكوفي: كتاب الفتوح ٤٥، وابن حجر: الاصابة ٣: ٤٨.

٥) صحيح البخاري: (فتح الباري ٨: ٦١).

٦) ابن حزم: جمهرة انساب العرب ٤٩١.

٧) ابن سعد: الطبقات ١: ٢٦٥، ٢٨٢، ٣٥٦، وابن هشام: السيرة النبوية ٢: ٥٨٨ـ ٥٩٠، والبلاذري: فتوح البلدان ٩٥.

٨) الطبري: تاريخ ٢: ٦٥٥، والبيهقي: دلائل النبوة ٢: ٤٥٢.

٩) احمد: المسند ٣: ١٠٥ باسناد صحيح، ١٥٥ باسناد فيه ضعف من جهة يحى الغافقي ١٥: ٢١١، ٢١٢، حديثين بمتن واحد تفرد بها مسلم بن هيضم العبدي مقبول فيحتاج الى متابعة، والبخاري: الصحيح (فتح الباري ٨: ٩٦ـ ١٠٠)

هۆزەکانی: (ذي مران) و (ذي ظليم)و بوجەیلەو زەبیدو نەخەعو جەعفیو (الابناء)و سکونو سەکاسیك لەسەر ئیسلام کاریگەری زۆری هەبوو لە هەرەسهێنانی هەڵگەڕانەوەیەی ئەسوەدی عەنسی. بەڵکو هەر لە نێو هۆزە هەڵگەڕاوەکان خەڵکانێکیان هەر لە سەر ئیسلام مانەوەو لە دژی ئەسوەدیشدا ڕاوەستان، بەڵکو هۆزی مەدحەج ـ کە ئەسوەد خۆی لەوان بوو ـ خەڵکانێکیان هەر لەسەر ئیسلام مانەوەو شەڕیان لەگەڵ ئەسوەد کرد، بەڵام نەفامانی هۆزەکە لەگەڵی بوون،[١] سەبارەت بە حەزرەمەوت ئیسلام بڵاوبوویەوە لەناو کۆمەڵانێك لە هۆزی کیندەدا، بەڵام بزووتنەوەی پاشگەزبوونەوە لایەنگرانی زۆر دەستکەوت لە نێو ئەو هۆزەدا، کە ئەوەش دابەشبوون پیشان دەدات لەناو هۆزەکەدا،[٢] بەڵام هۆزەکانی نەجران لە سەر گاوری خۆیان مانەوە[٣]و ملکەچی دەوڵەتی ئیسلامیش بوون، پەیوەندیەکانیشی پاڕاست لەگەڵیدا لەسەردەمی ڕووداوەکانی هەڵگەڕانەوەی ئەسوەدی عەنسی[٤]، ئەو کاتە عەمری کوڕی حەزم فەرمانڕەوای نەجران بوو.

ئینجا ئیسلام لە یەمامەش بڵاوبوویەوە، زۆرێك لە موسڵمانانیش بەردەوام بوون لەسەر ئیسلامەتی خۆیان بەرانبەر بزووتنەوەی پاشگەزبوونەوە کە موسەیلەمە سەرکردایەتی دەکرد، هەر لە بەنی حەنیفە کە هۆزی موسەیلەمە بوو ژمارەیەکی زۆر هەبوو لە موسڵمانان، بەرەنگاری موسەیلەمەشیان کرد بە سەرکردایەتی سومامەی کوڕی ئەسالی حەنەفی،[٥] هەروەها ئیسلام بڵاوبوویەوە لە عومانو بەحرێن لە نێو هۆزەکانی بەنی جەدیدو بەنی ناجیەو بەنی عەبدولقەیسو کەعبی کوڕی ڕەبیعە،[٦] بەڵام ئیسلام بڵاونەبوویەوە لە نێو هۆزی ڕەبیعە بەشێوەیەکی فراوان، بە

والبيهقي: السنن الكبرى٢: ٣٦٩، باسناد قال البيهقي: انه على شرط البخاري، وليس كما قال فإن فيه أباعبيدة بن أبي السفر صدوق يهم وليس من رجال البخاري ولا مثلهم.

١) ابن سعد: الطبقات ٥: ٥٢٥ـ ٥٢٦، و الطبري: تاريخ ٣: ٢٢٩، ٢٣٠، ٣٢٧، والكلاعي: حروب الردة ٩٠، ٢١٦، ٢٢٠.

٢) الطبري: تاريخ ٣: ٣٣٩ـ ٣٤٢، والكلاعي: حروب الردة ٢٢٣، ٢٢٦ـ ٢٢٩، وابن اعثم: الفتوح ١: ٥٧.

٣) البخاري: الصحيح (فتح الباري ٨: ١٠١).

٤) ابن هشام: السيرة النبوية ٤: ٥٩٤، وخليفة ين خياط: تاريخ ٩٤.

٥) ابن سعد: الطبقات ٥: ٥٥٠ـ ٥٥١، والطلاعي: حروب الردة ١١٦، ١١٧، و الطبري: تاريخ ٣: ٢٧٢.

٦) خلية: تاريخ ١١٦، و الطبري: تاريخ ٣: ٣١٥ـ ٣١٦، والكلاعي حروب الردة ١٩٤، ٢٠٨ـ ٢١٠، وابن أعثم: الفتوح ١: ٤٥ـ ٤٧، وابن كثير: البداية والنهاية ٦: ٣٧٢، وابن حجر: الاصابة ١: ٤٢٣ـ ٤٣٤و ٢: ١٠٣.

بەڵگەی ئەوەی بەپەلە چوونەدەم بزووتنەوەی پاشگەزبوونەوەوە،[1] ئینجا ئیسلام بڵاوبوویەوە لە نێو هۆزەکانی موهرە بە تایبەت خەڵکی نەجدو خەڵکی ڕیازو ڕەوەزو ساحیلو جەزائیرو مەڕلەببانو جیروتو هەروەها شەحەرو صەبراتو یەنعوبو (ذات الخیم)و هەندێك لە بەنی موحاریب.[2]

١) الکلاعي: حروب الردة ٣٩٦.

٢) الطبري: تاريخ ٣: ٣١٧، ٣٢٧.

باسی دووەم: بزووتنەوەکانی پاشگەزبوونەوە

لە ڕاستیدا مێژووی تەبەری بە گرنگترین سەرچاوەکانی بزووتنەوەی پاشگەزبوونەوە دادەنرێت، چونکە کۆی ئەو ڕیوایەتانەی هێناویێتی دەربارەی ئەو بزووتنەوە دەگاتە (١٠٤) ڕیوایەت زۆربەیان لە ڕێگەی سەیفی کوڕی عومەری تەمیمیەوە (٧٣) ڕیوایەت، دوای ئەو ئیبنوئیسحاق (١٤ ڕیوایەت) ئەمجا ئەبو میخنەف (٥ ڕیوایەت) دوای ئەو هیشامی کەلبی (٤ ڕیوایەت) مەدائینی (٣ ڕیوایەت)،[1] لەوانەشە ئەم ژمارانە تێکەڵیەك دروست بکات، دەربارەی ڕاستیی گرنگیدانی ئەو مێژوونووسانە بە ڕووداوەکانی پاشگەزبوونەوە، چونکە لەوانەیە گێڕانەوەی تەبەری لە ئەوانەوە بەشێوەیەکی سنووردار لەبەرئەوە نەبێت دانراوەکانی ئەوان لە ناوچووبێت، یان تەبەری پی نەگەیشتووە، یان پی گەیشتووەو متمانەی پێنەکردووە، سەرچاوەکان هەندێ کتێبیان لەم بارەوە دەستنیشان کردووە وەکو (كتاب الردة)ی ئەبومیخنەفو (مسيلمة الكذاب وسجاح)ی هیشامی کەلبیو (كتاب الردة)ی واقیدیو (كتاب الردة)ی مەدائینی.[2] بەهەرحاڵ سەرچاوەکان کە دواتر نووسران زانیاریی چاکیان پێمان گەیاندووە، هەر لە ڕێگەی ئەو مێژوونووسانەشەوە، بۆ نموونە کولاعی،[3] بەشێکی زۆری بۆ پاشگەزبوونەوە[4] تەرخان کردووە لە کتێبی (الاكتفا في مغازي المصطفى والثلاثة الخلفاء) لە ئیبنوئیسحاق زانیاری وەردەگرێت کە کتێبی (تأريخ الخلفاء)ی هەیە، لە واقیدیش کە (كتاب الردة)ی هەیەو هەردووکیان لەناوچوون، لەوانەشە لە ڕێگەی حوبەیشی مامۆستای[5] زانیاریەکانی وەرگرتبێت، چونکە بەزۆری پشتی بەو دوو کەسە بەستووە بۆ نووسینی کتێبەکەی (الغزوات الضامنة الكاملة).

گرنگی هەردوو کتێبەکەی ئیبنو حوبەیش و کولاعی زۆرە بە هۆی هێنانەوەیان بۆ ڕیوایەتەکانی یەعقوبیو زوهری و (وثيمة)، کە ئەمەی دووەم بە کتێبەکەی ناسراوە دەربارەی پاشگەزبوونەوە بە ناوی (الردة) کە لەناوچووە،[6] خەلیفەی کوڕی خەیاتیش چلو دوو ڕیوایەت دەهێنێتەوە دەربارەی

---

١) عبدالعزيز محمد نور ولى، حركة الردة في اليمن وحضرموت وعمان في خلافة أبي بكر الصديق ص١٠.

٢) عبدالعزيز محمد نور ولى، حركة الردة ١١٦ ـ ١١٩.

٣) أبوالربيع سليمان بن موسى لە پێشەوایانی فەرموودەیە لەسەردەمی خۆیدا. (الذهبي: سير أعلام النبلاء ٢٣: ١٣٤).

٤) د. أحمد غنيم بلاوی کردۆتەوە.

٥) عبدالرحمن بن محمد بن حبيش الاندلسي، کتێبی (المغازي) هەیە (الذهبي: سير أعلام النبلاء ٢١: ١١٨).

٦) لە کۆکردنەوەی ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی ولهم هونرباخ ، مينصة ـ ١٩٥١م.

پاشگەزبوونەوە، زۆربەشی پەیوەندی هەیە بە هەڵگەڕانەوەی بەنی حەنیفە لە ئیسلام، پێویستیشە ئاماژە بکەین بۆ سەرچاوەیەکی پێشوەخت ئەویش (فتوح البلدان)ی بیلازەریە (٢٧٥ك) کە ئەو لە بەسەرهات گێڕەوەکان هەشت ڕیوایەتی هێناوەتەوە و وشەی (قالوا) وتیانی بەکارهێناوە بۆ ڕیوایەتەکانی تر.

لە ڕاستیدا هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺ بزووتنەوەیەکی بەرفروان بوو لە نێو هۆزە گەورەکانی عەرەبدا وەکو هۆزی ئەسەد بە سەرۆکایەتی تولەیحەی کوڕی خوەیلدی ئەسەدیو بەنوحەنیفە بە سەرۆکایەتی موسەیلەمەی کوڕی حەبیبو هۆزەکانی عەنسو مورادو سەعدلعەشیرە ـ هەموویان لە مەدحەجن ـ بە سەرۆکایەتی ئەسوەدی عەنسی، هەڵگەڕانەوەی بەنو حەنیفە تاکدەبێتەوە بەوەی لە ڕووی جوگرافیەوە نزیك بوو لە پایتەختی ئیسلامەوە "مەدینە" کە ئەوەش دەبێتە مایەی ترسناکی لەسەر دەوڵەتی تازە پێگەیشتوو، بەڵام سەبارەت بە پاشگەزبوونەوەی بەنی حەنیفە لە یەمامەو پاشگەزبوونەوەی مەدحەج کە ماڵەکانیان بڵاوبوو لە باکووری ڕۆژهەڵاتو باشووری ڕۆژهەڵاتو ناوەڕاستو ڕۆژئاوای یەمەن، سامناکیان لە چڕی دانیشتوانی دایە، چونکە دەتوانرێت هەزاران لە جەنگاوەران لەوێوە ئامادە بکرێت، بێجگە لە توانا ئابووریەکان لە هەردوو ناوچەکە بە هۆی بەڕووبوومی کشتووکاڵی بەرفروان و چالاکی بازرگانیو پیشەسازی.

هۆکارەکانی پاشگەزبوونەوە دەگەڕێتەوە بۆ جێگیرنەبوونی ئیمان لە دڵەکاندا، لەبەر درەنگی ئیسلامبوونیان و کورتی ئەو ماوەی بانگەوازی تیادا گەیەنرا، هەروەها بە هۆی سروشتی عەرەبە بیابانشینەکان کە وشك بوون، هاوکات لەگەڵ لاوازی ئاستی ڕۆشنبیریی کە ئەویش سەری کێشا بۆ لاوازی تێگەیشتن لە ڕێنمایەکانی ئاین، بە تایبەتی سەبارەت بە زەکات کە هەندێ لە خەڵکی وا دەیانڕوانی بۆی کە باجێکی پڕ لە سووکایەتیە، هەروەها نوێژو پەرستنەکانی تریان بەلاوە گران بوو، هەروەها دەمارگیری هۆزایەتی هێشتا قووڵ بوو لەو وڵاتە دوورانەو ناوەڕاستی نەجددا، چونکە ئەو هۆزانە خۆیانیان گەورەتر دەزانی لە قوڕەیشو بەشایستەتریش لە سەرۆکایەتی، یان هیچ نەبێت ڕازینەدەبوون بە ملکەچی بۆ قورەیش، ئینجا هەندێك سەرکردەی بەرزخواز سەریان هەڵدا کە لاسای پێغەمبەریان دەکرد ﷺ لە شێوازی ئیشو بانگەوازدا، بە ئاگایش نەبوون لە جیاوازی گەورەی نێوان پێغەمبەرایەتی ڕاستەقینەو نواندنی پێغەمبەرایەتی بە درۆو لەبەر بەرژەوەندی کەسێتی، ئەمەیش هۆکاری ئەو بانگەشەیە بوو لە لایەن ئەو سەرکردە دووبەرەکی خوازانەوە، ئینجا

کتێبەکانی فەرموودەیش زانیاریەکی ورد پێشکەش ناکەن دەربارەی بزوتنەوەی پاشگەزبوونەوە، بەڵکو تەنها هەڵدەستێت بە سەلماندنی ڕوودانی مەسەلەکەو ڕازینەبوونی هەندێ هۆز بۆ دەرکردنی زەکات، هەروەها ئەو وتووێژەی لە نێوان ئەبوبەکرو عومەر ڕوویدا دەربارەی نکۆڵیکەران لە دەرکردنی زەکات، عومەر فەرمووی: "أمرت أن أقاتل الناس حتى يقولوا لا اله الا الله فمن قال لا اله الا الله عصم مني ماله ونفسه الا بحقه وحسابه على الله". ئیتر ئەبوبەکر فەرمووی: سوێند بە خوا شەڕ لەگەڵ هەرکەسێکدا دەکەم جیاوازی بخاتە نێوان نوێژو زەکات، چونکە زەکات مافی ماڵە، سوێند بە خوا ئەگەر کارە مێەکیان دەدایە پێغەمبەر ﷺ و ئێستا نایدەن لەسەر ئەوە شەڕیان لەگەڵ دەکەم"، عومەر فەرمووی: سوێند بە خوا هەرئەوەندەی بینیم ئەبوبەکر دڵی دەکرێتەوە بە شەڕکردنیان زانیم ئەو لەسەر ڕاستیە".[1]

هەروەها باسی ڕوودانی پاشگەزبوونەوەی موسەیلەمەو ئەسوەد هاتووەو پێغەمبەری خوا ﷺ ئاگاداریکردوونەتەوە بە دەرکەوتنی سی درۆزن هەموویان بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکەن کە ئەسوەدو موسەیلەمە لەوانەن،[2] هەروەها هاتنی موسەیلەمە بۆ مەدینە لەگەڵ خەڵکێکی زۆردا لە کەسوکاری[3] و مەرجدانانی کە فەرمان لە دوای پێغەمبەر ﷺ بۆ ئەو بێت، وەڵامدانەوەی پێغەمبەریش ﷺ بۆ ئەو کە لقێکی دارخورمای بەدەستەوە بووە: "ئەگەر داوای ئەم لقە دارەم لێبکەی پێت نادەم، تۆیش ناتوانیت دەرچیت لە فەرمانی خوا لەسەرت، کە لێرەش پشت هەڵدەکەیت خوای گەورە لەناوت دەبات، ئینجا من وا دەتبینم لەو حاڵەتەی کە خوای گەورە پی نیشان داوم دەربارەی تۆ،[4] هەروەها فەرموودەی خەو بنینیی پێغەمبەر ﷺ : "بينما أنا نائم رأيت في يدي سوارين من ذهب، فاهمني شأنها، فاوحي الي في المنام أن انفخها، فنفختها فطارا،

---

١) البخاري: الصحيح (فتح الباري ١٢: ٢٧٥) ومسلم: الصحيح حديث رقم ٢٠، ومالك: الموطأ ١: ٢٦٩، وأبوداود: السنن ٢: ١٩٨، والترمذي: السنن ٥: ٣، والنسائي: السنن ٥: ١٤.

٢) البخاري: الصحيح (فتح الباري ٦: ٦١٦) واشدیارە ئەو قسەی کردووە لەو کاتەی قسە زۆر بووە دەربارەی موسەیلەمە لە مەدینە (أحمد: المسند ٥: ٤٦).

٣) واقیدی دەگێڕێتەوە کە حەڤدە کەس بوون (إبن حجر: فتح الباري ٨: ٩٠).

٤) البخاري: الصحيح (فتح الباري ٦: ٢٧ و ٨: ٨٩، ٩٢و ١٢: ٤٢٠و ١٣: ٤٤٢) ومسلم: الصحيح ٤: ١٧٨٠ـ ١٧٨١، والترمذي: الجامع ٤: ٥٤٢ وأحمد: المسند ١: ٢٦٣ و ٣: ٣٤٥ و ٦: ٣٤٤.

فاولتهما كذابين يخرجان، فكان احدهما العنسي والآخر مسيلمة الكذاب صاحب اليمامة".[١] واتە: لە خەونمدا بینیم کە دوو بازنم لە دەستدایە، منیش پێی خەمبار بووم، لە خەونەکەمدا وەحیم بۆ هات کە فوویان پیا بکەم، منیش فووم پیایاندا کردو هەڵفڕین خەونەکەم بەوە لێکدایەوە کە دوو درۆزن پەیدا دەبن، جا یەکەمیان عەنسی بوو، ئەو کەسەیش موسەیلەمەی درۆزن بوو خەڵکی یەمامە، موسەیلەمە لەسەر دەستی وەحشی کوژرا، کە هەواڵەکە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: کاتێك موسەیلەمەی درۆزن سەری هەڵدا وتم: ئەبێ بچم بۆ لای، بەڵکو بیکوژم بۆ هاوتای کوشتنی حەمزە، دەڵێت: منیش لەگەڵ خەڵکەکەدا دەرچووم و ئەوەی ڕوویدا کە دەیزانن، وتی: پیاوێکم بینی لە کەلی دیوارێکدا دەتووت وشترە قژی هەڵچووبوو، وتی: منیش رمێکم تێهاویشت، لەنیوان هەردوو مەمکی داو لەناو شانیەوە دەرچوو، وتی: پیاوە ئەنصاریەکەش بازیدایە سەریو بە شمشێر لەسەری دا". ئیبنو عومەر دەفەرموێت: "کچێك لەسەربانێکدا وتی: هاوار بۆ ئەمیری خاوەن باوەڕداران، کۆیلەیەکی رەش موسەیلەمەی کوشت"[٢] ئەنەسیش باسی ژمارەی شەهیدانی ئەنصاری کردووە لە یەمامەداو فەرموویەتی حەفتا بوون.[٣]

ئەبو رەجای عوتاریدیش بارودۆخی ئاینی کەسوکارەکەی باسکرووە کە ئەوان بەردیان دەپەرست، ئەگەر بەردێکی جوانتریان دەستکەوتایە کۆنەکەیان فرێدەدا، جاری واشبوو لەخۆڵو خشت دروستیان دەکردو لە دەوری دەگەڕان، هەروەها ئاسنیان لە چەك دەکردەوە لە مانگی رەجەبدا وەکو ئاماژەیەك بۆ وازهێنانی شەڕ لە مانگە قەدەغەکراوەکاندا،[٤] کەسوکارەکەشی کاتێك بە سەرهەڵدانی ئیسلامیان زانیوە خۆیان گەیاندووەتە موسەیلەمەو خۆیشی لەگەڵیان بووە،[٥] ڕیوایەتێکیش هەیە دەگێڕێتەوە کە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود لە فەرمانڕەوایەتی خۆی لەسەر کووفە لە سەرەتای خیلافەتی عوسمانەوە (رەزای خوای لێبیت) داوای تەوبەکردنی کردووە لە کەسانێك لە شوێنکەوتووانی موسەیلەمە لە هۆزی بەنی حەنیفە هێشتا هەر لەسەر بڕوایانبوون پێی،

١) سەرچاوەکانی پێشوو.

٢) البخاري: الصحيح (فتح الباري ٧: ٣٦٨)، وأحمد: المسند ٣: ٥٠١، ئیبنو ئەبی شەیبەش دەگێڕێتەوە کە عەبدوڵڵای کوڕی زەیدی ئەنصاری موسەیلەمەی کوشتووە (المصنف ١٢: ٥٤٧).

٣) البخاري: الصحيح (فتح الباري ٧: ٣٧٤).

٤) البخاري: الصحيح (فتح الباري ٨: ٩٠).

٥) البخاري: الصحيح (فتح الباري ٨: ٩٠).

دەشگێڕنەوە کە تەنها ئیبنونەواحەی کوشتووە کە پێشتر نێردراوی موسەیلەمە بوو لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺ، بەڵام پێغەمبەر ﷺ رازینەبوو بکوژرێت، چونکە (الرسل لا تقتل) واتە: نێردراوان نابێت بکوژرێن، جا کاتێك دەستی عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود کەوت کوشتی.[1]

ئینجا ئەوانە هەشتا کەس دەبوون، پەڕاوێکیان بوو خوێندنەوەی موسەیلەمەی تیادا بوو،[2] لەگەڵ هەواڵی شکستی بەنی ئەسەد بەرانبەر خالیدی کوڕی وەلید لە ڕۆژی بزاخەدا.[3]

چەندین ڕیوایەتیش هەیە ئاماژە دەکات بۆ ئازایەتی سابیتی کوڕی قەیس لە ڕۆژی یەمامەدا، هەروەها بەڕائی کوڕی عازیب بکوژی توفەیلی سەرکردەی یەمامە پیاوێکی کەتەی زەبەلاح بوو، دروشمی موسڵمانانیش (یا أصحاب سورة البقرة) بوو واتە ئەی خاوەنانی سوورەتی بەقەرە، هەندێ لە جەنگاوەرە موسڵمانەکانیش بە ڕۆژوو بوون لە کاتی شەڕەکەدا، هەروەها هەڵکوتانی زوبەیری کوڕی عەوام بۆ سەر هەندێك لە کوژراوەکان کە هێشتا هەناسەیان تیامابوو، ئەمجا کڕنوشك بردنی ئەبوبەکر لە سوپاسی خوادا کە یەمامە فەتحکرا.[4] هەروەها هاتنی بەنی ئەسەدو غەتەفانو داواکردنی ئاشتی لە ئەبوبەکر ئەویش هەڵبژاردنی خستە دەستیان لە نێوان شەڕێکی ئاشکرا یان ئاشتیەکی ئابڕووبەر، ئەو واتایەیشی بۆ ڕوونکردنەوە چی دەگەیەنێت: "خوێنبای کوژراوەکانمان دەدەنو ئێمە خوێنبای کوژراوەکان نادەین، شایەتیش بدەن کە کوژراوەکانتان لە دۆزەخدان، هەرچیشتان بردووە بۆمانیان دەگێڕنەوە، بەڵام ئێمە هیچتان بۆ ناگێڕینەوە، هەروەها چەكو ئەسپەکانتان لێدەسێنینەوە، وازتان لێناهێنین بە دوای کلکی وشتر بکەون تا خوا ڕێگایەك پێشانی جێگری پێغەمبەرەکەیو بڕواداران دەدات دەربارەی ئێوە، عومەر فەرمووی: ئەوەی وتم هەر ئەوەیە

١) أبوداود: السنن ٣: ٨٤ (ط. محي الدين عبدالحميد) والخبر فيه عنعنه أبي اسحق السبيعي، وهو يخالف رواية مسند أحمد لان الذي اطلع على حال اتباع مسيلمة هو حارثة بن مضرب فابلغ عنهم وليس ابن معيز كما هو في رواية احمد، وفي مسند أبي داود محمد بن كثير فان كان الثقفي فهو صدوق كثير الغلط، وان كان العبدي فهو ثقة، وابوداود يروي عن اثنين، وهما يرويان عن الثوري.. وأحمد المسند ١: ٣٩١، ٣٩٦، ٤٠٤، ٤٠٦، ٣: ٤٨٨ والحديث عند الامام أحمد من طريق عبدالله بن معيز وهو تابعي مجهول الحال. وقد ذكر الحاكم النيسابوري باسناد صحيح مسلسل بابناء واحفاد ابن مسعود (المستدرك ٣:٥٣) والصحاوي: شرح معاني الاثار ٣: ٢١١.

٢) الحاكم: المستدرك ٣: ٥٣ باسناد صحيح.

٣) ابن أبي شيبة: المصنف ١٢: ٥٥.

٤) ابن أبي شيبة: المصنف ١٢: ٥٤٧ ـ ٥٥٢.

که وتم، بەڵام کوژراوەکانمان لە پێناو خوادا کوژراونو پاداشتیان لای خوایە خوێنبایمان ناوێت".[1]
هەروەها باسی پاشگەزبوونەوەی بەنی سولەیم کراوە، کە خالیدی کوڕی وەلید خەڵکەکەی کۆکردووەتەوە لە گەورێکداو ئاگری تێبەردان، پاش ئەوە پێشنیارکردنی عومەر بۆ ئەبوبەکر خالید لابداتو ئەبوبەکریش رازی نەبوو لەسەر لابردنیو فەرموویەتی: "سوێند بە خوا شمشێرێك لانابەم خوا زاڵیکردووەتە سەر دوژمنەکانیدا.. ئینجا فەرمانی پێکردو کەوتەڕێ بەرەو لای موسەیلەمە.[2]

١) سعيد بن منصور: السنن ٢: ٣٣٣ وبعضه في صحيح البخاري (فتح الباري ١٢: ٢٠٦) وفيه ابراهيم بن بشار الرمادي حافظ له اوهام (التقريب ١٥٥).
٢) ابن أبي شيبة: المصنف ١٢: ٥٥٠.

مەڵبەندی هەڵگەڕاوەکان

یەمەن :

یەمەن بەناو سەر بە ئیمپڕاتۆریەتی ساسانی بوو، ساسانیەکان دەسەڵاتیان لە یەمەن بوو لەو سەردەمەی کە (سیف بن ذي يزن) پەنای پیانبرد بۆ دەرکردنی ئەحباشەکان، جا ئەو کاتەی سەیف مرد، سەرکردەی سوپای فارسی لەوێ بووبە فەمانڕەوای یەمەن، فارسەکانیش لە خەڵکی ژنیان هێناو منداڵەکانیان بە (الابناء) ناسران، بەڵام دەسەڵاتی میری فارسی سنوردار بوو لە صەنعاو دەوروبەری، ئەمە لە کاتێکدا کە ئەوەی لە وڵات دابەشکراوە لە نێوان (الاذواء)و میرە ناوخۆیەکانو سەرۆك عەشیرەتەکان کە هەمیشە لە بەربەرەکانیدا بوون، بە تایبەت هۆزە گەورەکانی ئەزدی شەنوئە (بەنوحاریسو نەخەعو بوجەیلەو خەسعەمو عەككو ئەشاعیرەکان) ئەمانە لەلای ڕۆخی دەریا دەژیان، بەڵام مەدحەجو هەمەدان لە تەپۆڵکە دەژیان لە ناوەوە.

سەرهەڵدانی ئەسوەدی عەنسی - بە پێی ڕیوایەتی ڕاست - پێش حەجکردنی ماڵئاوای بوو لە ساڵی دەی کۆچی،[1] کە ئەوە یەکەم هەڵگەڕانەوە بوو لە ئیسلامداو چوار مانگی خایاند،[2] سەیفی کوڕی عومەر دەنگوباسی ئەم هەڵگەڕانەوەی بە درێژی گێڕاوەتەوە بە پشتبەستن بە چەند شایەتحاڵێك وەکو فەیروزی دەیلەمیو جەشیشی دەیلەمی، ئەسوەد سەربە عەنسە لە هۆزی مەدحەج کە بە گەورەترین هۆزەکانی یەمەن دەژمێردرێت، ئەو لە ناوچەی (کهف خبان) بوو لە نزیکی شاری نەجران،[3] بە (ذي الخمار)و (رحمن اليمن) دەناسرا قەشە بوو بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکرد، هەندێ لە هۆزەکانی مەدحەجیش پشتگیریان لێکرد، سەرەتا دەستی بەسەر نەجران گرتو ئینجا صەنعاو فەرمانڕەواکەشی کوشت کە شەهری کوڕی بادام بوو، سەرکردەکانی (الانباء)یش وایان دەرخست کە سەر بە ئەسوەدن، موعازی کوڕی جەبەلو ئەبوموسای ئەشعەریش ناچار بوون لەگەڵ شکوێنکەتووەکانیان بکشێنەوە بەرەو حەزرەمەوت، ئینجا خەڵکی نەجرانیش هەڵسان بە دەرکردنی عەمری کوڕی حەزمو خالیدی کوڕی سەعیدی کوڕی عاص، ئیتر ئەوانیش گەڕانەوە بۆ مەدینە، قەیسی کوڕی مەکشوحیش کە یەکێك بوو لە سەرکردەکانی هۆزی موراد هەڵسا بە دەرکردنی

---

١) البخاري: الصحيح، كتاب المغازي باب ٧٠ ومسلم: الصحيح حديث رقم ٢٢٧٢.

٢) الطبري: تاريخ ٣: ٢٣٩ـ ٢٤٠.

٣) ابن حبيش: المغازي ٤٠، والكلاعي: حروب الردة ٢١٣.

فەروەی کوڕی میسك کە کاربەدەستی موسڵمانان بوو، ئینجا قەیسی کوڕی مەکشوحیش پاڵی دایە پاڵ ئەسوەدی عەنسیەوە، هەروەها عەمری کوڕی مەعدیکەرەبی زەبیدیش کە یەکێك بوو لەسەرکردەکانی هۆزی مەدحەج بەهەمان شێوە پشتگیری خۆی بۆ ئەسوەد ڕاگەیاند، ئەوانەش لەسەر موسڵمانێتی خۆیان مانەوە لە خەڵکی یەمەن لەگەڵ فەرمانڕەوا موسڵمانەکان لەناوچەکە دوورکەوتنەوە.

هێزی ئەسوەد لەوە خۆی دەبینی کە ئازاو بەهێزو زەبەلاح بوو لە قەدو باڵایدا، هەروەها جادوو قەشەیەتی بەکاردەهێنا، لەگەڵ وتاربێژی سەرنج ڕاکێشیدا "ئەسوەد قەشەیەکی فێڵبازو ساختەچی بوو، شتی سەیری پیشانی دەدان، دڵەکانی بۆ خۆی ڕادەکێشا بە قسەکانی"،[1] هەروەها ئەو پارەشی بەکاردەهێنا بۆ کارتێکردنی خەڵکی ئەم جۆرە خەسڵەتانەش لە کەسێکی ناوداری کرد لەناو میللەتەکەیدا، دیارە بڵاوبوونەوەی ئیسلامیش پلەوپایەی لاواز دەکرد، چونکە ئیسلام قەشەیەتی قەدەغە دەکات، ڕێگە بە خەڵکیش نادات ڕاوێژ بە قەشەکان بکەن.

ئەسوەد باسی وەرگرتنی زەکاتی لە یەمەن وروژاند. ئینجا نامەی نووسی بۆ کۆکەرەوانی زەکات لە ناوچەی یەمەن "ئەی لە دەرەوە هێنراوەکان بۆ سەرمان، ئیتر بەس بێت ماڵخواردنمان ئەوەی کۆتانکردووەتەوە بەجی بهێڵن بۆمان، ئێمە لە پێشترین پێ، ئێوەش هەروا بمێننەوە".[2] پێغەمبەری خوا ﷺ داوای کرد لەو موسڵمانانەی کە لە نەجران‌و حەزرەمەوت کۆبوونەوە بەرگری ئەسوەد بکەن، موعازی کوڕی جەبەلیش سوودی وەرگرت لە دووبەرەکی لە بزووتنەوەی ئەسوەددا، چونکە ئەبنائەکان دڵسۆز نەبوون بۆی بەهەمان شێوە قەیسی کوڕی مەکشوحیش، بۆیە توانیان لەناو کۆشکەکەی خۆیدا بیکوژن‌و گەڕانەوە بۆ ئیسلام ڕابگەیەنن.[3]

هەڵگەڕانەوەی یەمامە:

یەمامە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی دوورگەی عەرەبەوە، بریتییە لە دۆڵێکی بەرهەم زۆری ئاو بە خوڕەم، گەنم‌و جۆو زەڕات‌و دارخورمای تیا دەچێنرێت، لادێکانیشی تیا بڵاودەبێتەوە، زۆربەی

١) الطبري: تاريخ ٣: ١٨٥.

٢) الطبري: تاريخ ٣: ٢٢٩.

٣) عبدالعزيز نور ولي: حركة الردة ١٨٢ـ ٢٠٧.

دانیشتوانەکانیش لە بەنی حەنیفە بوون، هەندێکیشیان لەبەنی بەکر یان بەنی تەمیم بوون، بە تایبەت لە باکووری یەمامە، ئینجا پیشەسازی دروستکردنی شمشێرو نووکە ڕمیشی تیادا بوو.

لە قەتەریش مەڵبەندێکی بانگخوازانی مەسیحی نەستووریەکانی تیادا بوو، کە بیزەنتیەکان دووریان خستبونەوەو ئەوانیش خۆیان دابووە پاڵ ساسانیەکانو لەوڵاتی فارسیشەوە بانگەشەیان گەیاندبووە یەمامە،[1] بەنو حەنیفەش لە ساڵی نۆی کۆچی هاتنە ئاینی ئیسلامەوە و نێردەیان ناردە لای پێغەمبەر ﷺ لە مەدینە، بە ئامادەبوونی خودی موسەیلەمەی کوڕی حەبیب، شایانی باسە کە موسەیلەمە هەر لە ژیانی پێغەمبەردا ﷺ جاڕیدا بۆ پێغەمبەرایەتی خۆی، لەوانەشە لە دوای گەڕانەوەی لەگەڵ نێردەکەدا ئەوەی کردبێت، دەسەڵاتی زۆربوویەوە لە پاش مردنی هەودەی کوڕی عەلی سەرکردەی یەمامە دوا بەدوای فەتحی مەککە.[2] موسەیلەمە بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە سروشی بۆ دادەبەزێت، بەرنوێژێکیشی بۆ خۆی دروستکردبوو لەگەڵ ڕاگرتنی بانگخوێنێك ناوی حوجەیر بوو، نوێژیشی کرد بە سێ کات، سبەینانو نیوەڕوانو خەوتنان،[3] سنووری بۆ منالبوونیش دانابوو بەیەك منال، (الجاحظ) دەگێڕێتەوە کە موسەیلەمە پێش بانگەشەکردنی پێغەمبەرایەتی لە بازاڕەکانی عەرەبدا دەگەڕا بۆ فێربوونی فێڵو تەڵەکەو نێرنجەو ئەستێرەناسیو پێشبینی کردن، تا کارامە بوو و شارەزای تەواوی پەیدا کرد لە فڕوفێڵی بەختگرەوە و قەشە و جادووگەر و هاوەڵانی جنۆکەکە و دەڵێن پاشکۆیان لەگەڵە،[4] سەرچاوەکان ئەو ئایەتانەیان لە موسەیلەمە گێڕاوەتەوە کە بەرهەڵستی قورئانی پێکردووە، شێوازەکەشی لەنگیو ناتەواوی پێوە دیارە، لەوانەشە لە دروستکردنی هەواڵ گێڕەوەکان بێت، بۆیە ناکرێت پشتیان پێببەسترێت بۆ ناسینی بنەما بیروباوەڕیەکانی.[5] ئینجا زۆربەی بەنی حەنیفە لە دەوری کۆبوونەوە، هەندێکیان بە نەفامیو

---

١) احسان صدقي العمد: حركة مسيلمة الحنفي ص٣١ـ ٣٢ (بحث في حوليات، كلية الآداب، جامعة الكويت، الحولية العاشرة ١٤٠٩ (١٩٨٨).

٢) البلاذري: فتوح البلدان ١: ١٠٥.

٣) البلاذري: فتوزح البلدان ١: ١١٨، وأبو الفرج الاصفهاني: الاغاني ٢١: ٣٧، وابن طباطبا: الفخري في الآداب السلطانية ٧٤.

٤) الجاحظ: كتاب الحيوان ٤: ٣٦٩، ٣٧٠.

٥) احسان صدقي العمد: حركة مسيلمة الحنفي ٣٦ـ ٤٠.

باوەڕپێکردن وەکو کەسە ئاسایەکانی هۆز، هەندێکیشیان بە دەمارگیریی وەکو خەڵکە تایبەتەکانی هۆز کە دەیانوت: (درۆزنی ڕەبیعەمان بەلاوە باشترە لە ڕاستگۆیی موزەر).

بانگەشەی موسەیلەمە گەورەتر بوو پاش هاتنی ڕەججالی کوڕی عەنفەوە لە مەدینەوە، کە ئەو فێری قورئان بوو بوو لەگەڵ شارەزایی ئاینیشدا، کاتێك بینی بەنی حەنیفە پێڕەویی موسەیلەمە دەکەن لە ئیسلام پاشگەزبوویەوەو باوەڕپێکردنی موسەیلەمەی ئاشکرا کرد، بۆیە ئاژاوەکەی ڕەججال گەورەتر بوو لە موسەیلەمە.

موسەیلەمە لە کۆتایی ساڵی دەی پاش حەجی ماڵئاوایی نامەی نارد بۆ پێغەمبەر ﷺو تیایدا نووسی: "من بەشدارم لەگەڵتدا لەم مەسەلەیە، نیوەی سەرزەوی بۆ ئێمەیەو ئەو نیوەکەشی بۆ قوڕەیشە"[١] کاتێکیش پێغەمبەری خوا ﷺ وەفاتی کرد، دەسەڵاتی موسەیلەمە زیادیکردو هاوپەیمانێتی بەست لەگەڵ سەجاحی تەمیمی، دەشگێڕنەوە کە مارەشی کردووە، بەڵام ئەم هاوپەیمانێتیە بەردەوام نەبوو بەهۆی کشانەوەی سەجاح بە هێزەکانیەوە لە یەمامە لەدوای وەرگرتنی نیوەی داهاتەکانی.[٢]

ئەبوبەکریش (ڕەزای خوای لێبێت) پەیبرد بە ترسناکی پاشگەزبوونەوەی بەنی حەنیفە لەبەر هێزو زۆریو خۆشگوزەرانیو کۆبونەوەیان لەسەر موسەیلەمە.

پاشگەزبوونەوەی تولەیحەی ئەسەدی:

هۆزی غەتەفان کە نیشتەجێی ڕۆژهەڵاتی خەیبەر بوون دەستیان دەگرتەسەر باکووری حیجازدا بەهاوپەیمانێتی لەگەڵ هۆزی تەیو جولەکەکانی خەیبەر، جا لەپاش کەوتنی خەیبەر بەدەست موسڵمانان لە ساڵی حەوتی کۆچی، پێغەمبەر ﷺ هەستی کرد بە ناردنی هەڵمەتەکانی بۆ باکوور، تولەیحەی کوڕی خوەیلددی ئەسەدیش هەوڵیدا دەسبگرێتە سەر باکووری نیوە دوورگەدا لە ڕێگەی هاوپەیمانیکردن لەگەڵ هۆزەکانی تەیو فەزارە (کە گرنگترین لقەکانی غەتەفانن) لە کۆتایی ژیانی پێغەمبەر پڕوپاگەندەی پێغەمبەرایەتی کردو گوایە فریشتەیەك بەناوی (ذو النون) سروشی بۆ دەهێنێ، سەرچاوەکانی مێژوویش هەندێ ئایەتی شێواز ناتەواویان لێگێڕاوەتەوە کە دەیخوێندەوە،

---

١) ابن هشام: السيرة النبوية ٦٠٠، وابن سعد: الطبقات الكبرى ١: ٢٧٣. مەبەستی لە نیوەی سەرزەوی نیوەی داهاتی یەمامەیە (احسان صدقي العمد: حركة مسلمة الحنفي ٤٨).

٢) الطبري: تأريخ ٣: ٢٧٢.

سەرقاڵبوونی پێغەمبەر ﷺ بوو بە مایەی گەورەبوونەوەی مەسەلەی تولەیحە لە کاتی خیلافەتی ئەبوبەکردا (ڕەزای خوای لێبێت)، ئەسەد و غەتەفان و تەی لەسەر تولەیحە کۆبوونەوە، ئیتر دەیەکیشیان نارد بۆ مەدینە داوایان لە ئەبوبەکر کرد کە زەکاتیان لەسەر لابدات، بەڵام ئەبو بەکر ڕازی نەبووو فەرمووی: ئەگەر نکۆڵی لە گوریسێك دەکەن پێشتر دەیاندا من شەڕیان لەگەڵ دەکەم.[1] لەوانەشە زانیبێتی کە داواکاری عەرەبە بیابانشینەکان لەو سنورەدا ناوەستێ، جگە لەوەی کە کارێکی لەو جۆرە لە توانای ئەودا نی یە، نێردەکە بینیان هێزی موسڵمانان لاوازە لە مەدینە لە پاش دەرچوونی هەڵمەتەکەی ئوسامە، بۆیە ئەو هۆزانە زاتیانکردە سەر هێرشبردنە سەر مەدینە.

تەشەنکردنی پاشگەزبوونەوە :

وەفاتی پێغەمبەر ﷺ بوو بەمایەی هەڕەشە لەسەر یەکپارچەیی دەوڵەتی ئیسلامی تازەپێگەیشتوو، چونکە بزووتنەوەی پاشگەزبوونەوە بەسەرانسەری دەوڵەت ـ حیجاز نەبێت ـ بڵاوبوویەوە، لە هەمووشیان مەترسیدارتر بزووتنەوەی موسەیلەمەی حەنەفی بوو، کە دوور بوو لە شاری مەدینەوە، بەڵام جووڵەکانی تری پاشگەزبوونەوە نزیك بوون لە مەدینە وەبە گەیشتنی هەواڵی لەدونیا دەرچونی پێغەمبەر ﷺ کۆمەڵانێکی زۆر لە بەنی ئەسەد و غەتەفان و تەمیم و بەحرێن و عومان و حەزرەمەوت هەڵگەڕانەوە، هەروەها پاشگەزبوونەوە لەیەمەنیش تازە بوویەوە.

هەڵوێستی ئەبوبەکر (ڕەزای خوای لێبێت) بەرامبەر ئەو بزووتنەوانە هەڵوێستێکی توندوتۆڵ بوو، بەهیچ شێوەیەکیش کەمتەرخەمی نەکرد لە پاڕاستنی بەرژەوەندیەکانی بیروباوەڕو دەوڵەت، بۆیە دوانەکەوت لە کۆکردنەوەی سوپا، چەنوچۆنیشی نەکرد لە حوکمەکانی ئیسلامو هەوڵی هەندێ لە هۆزەکان بۆ دەرباز بوون لەزەکاتدان. عومەر (ڕەزای خوای لێبێت)، هەوڵی دەدا قایلی بکات بە نەرمی مامەڵەکردن لەگەڵ دەرنەکەرانی زەکات، بۆ ئەوەی یەکلابیێتەوە بۆ شەڕی هەڵگەڕاوەکان لە هەموو ئیسلام لەوانەی کە گەڕانەوە بۆ بتپەرستیو شوێنکەووتوی ئەوانە کە بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکەن، بەڵام ئەبوبەکر بەتوندی ئەو بۆچوونەی ڕەتکردەوە، ڕوونیشی کردەوە بۆ هاوەڵان (ڕەزای خوایان لێبێت)و فەرمووی: "سوێند بەخوا جەنگ بەرپادەکەم لەگەڵ ئەوەی جیاوازی بخاتە نێوان نوێژو زەکاتەوە، زەکات مافی سەروەتو سامانە، سوێند بە خوا ئەگەر کارە

1) الطبري: تأريخ ٣: ٣٤٤.

میەکیان دەدایە پێغەمبەر ﷺو ئێستا نکۆڵی لێبکەن شەڕیان لەگەڵ دەکەم لەسەری"[1] بەم شێوەیش هاوەڵان (ڕەزای خوایان لێبێت) ڕازیبوون بە شەڕکردنو زانیان کە هەڵبژاردنێکی ڕاستە.

ئەم ڕوونیە لە تێگەیشتنی پەیوەندیی حوکمە شەرعیەکان بەیەکترەوە، ئینجا ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە پاساوێك بۆ یەکخستنی فەرمانێك لە فەرمانەکان، هەنگاوێکی گرنگ بو بۆ شەڕکردن لەگەڵ قەدەغەکەرانی زەکات بەتایبەتی، چونکە شوبهەی مانەوەیان لەسەر ئیسلام لەلای هەندێك هەبوو کەلەو حاڵەتە گیانیشیان پارێزراو دەبێت لەبەر داننانیان بەشایەتماندا، ئەمەش بوو کە ئەبوبەکر (ڕەزای خوای لێبێت) هەڵسا بە چارەسەرکردنی بە ڕوونکردنەوەو بەڵگە. خۆ ئەگەر ڕازی بووبایە بە جێبەجێکردنی داواکاریەکەیان، لەوانەیە عەرەبە بیابانشینەکان داواکاری تریان بوایە لە یەکخستنی هەندێ فەرمانو پابەندبوونی شەرعی دیکە... ئەگەریش قایل بوایە ئەوان هەستیان بەلاوازیی موسڵمانان دەکردو تەماعیان زیاتر دەبوو.

عائیشە (ڕەزای خوای لێبێت) دەوڵەتو بنیاتنەرانی لە هاوەڵان کردووەتە نموونەی "بزنێك لە باخێکدا لە خاکێکی حەوت گۆشەدا"، ئەمەیش نیگارگیریەکی وردە بۆ حاڵەتی مەترسی لەڕادەبەدەر بەبۆنەی دەورەدانی دوژمنانی لیان لە هەموو لایەکەوە، هەروەها وەسفی ئەبوبەکری کردووە لەسەرکردایەتی کردنیدا، دیدێکی ڕوونو نیازو بڕیارێکی توندو بۆچوونێکی ڕاست "سوێند بەخوا لە شتێکدا ناکۆك نەدەبوون باوکم چارەسەری نەکات".[2]

جێگەی داخیشە کە هەواڵگێڕەوەکان تاکەوە بوونە لە وێنەگرتنی ڕووداوەکانی پاشگەزبوونەوە لە سەرانسەری دوورگەی عەرەب بێ بەشدارکردنێکی گرنگ لەلایەن فەرموودەناسانەوە، ئەوەیش وادەکات کە تواناسان نەمێنێت ڕەخنەگرتن ئەنجام بدەین لەسەر ڕیوایەتەکان..

ئەم وێنەیەش کە دەریدەخەین لێرەدا، ڕوونیدەکاتەوە کە بزووتنەوەکانی پاشگەزبوونەوە جیاوازبوونە لە بۆچوونەکانیان لە بیروباوەڕدا، هەندێکیان درێژە پێدانبوون بۆ ئەو بزووتنەوانەی دوای ساڵی دەیەمی سەردەمی پێغەمبەرایەتی سەریانهەڵدا، وەکو پاشگەزبوونەوەی بەنی حەنیفە ـ یەکێکە لە لقەکانی بەکری کوڕی وائیل ـ لە یەمامە بە سەرۆکایەتی موسەیلەمەی درۆزن، هەندێکیشیان پەیوەست بون بە بانگەشەکەرانی پێغەمبەرایەتی نوێ وەکو پاشگەزبوونەوەی بەنی ئەسەدو

١) البخاري: الصحيح (فتح الباري ١٢: ٢٧٥)، ومسلم: الصحيح ١: ٥١.

٢) ابن ابي شيبة: المصنف ١٤: ٥٧٢ باسناد صحيح، وابن كثير: البداية والنهاية ٦: ٣٠٩ عن هشام بن عروة عن ابيه عن عائشة.

فەزارەکە ئەمانە پەیوەندیان هەبوو بە تولەیحەی کوڕی خوەیلیدی ئەسەدیەوە. هەروەها پاشگەزبوونەوەی بەنی یەربووع لە تەمیم بەسەرۆکایەتی سەجاح ئەمە لەکاتێکدا کە هەندێکی تریان دەوریاندا لە مالیکی کوڕی نوەیرە، کە نکۆڵی دەکرد لەوەی زەکات بدرێت بە ئەبوبکر. بەنو عەتاریدی تەمیمیش هاوپەیمانیان کرد لەگەڵ موسەیلەمەدا..

هۆزی سولەیمی عەدنانیش لە بەرزایی نەجد لەنێو خۆیاندا دابەشبوون، هەندێکیان لەسەر ئیسلامەتی خۆیان مانەوە، هەندێکیشیان پاشگەزبونەوە، واشدەردەکەوێت نزیکیان لە مەدینەو بەشداریکردنی زۆرێك لە پیاوەکانیان لە شەڕەکانی فەتحی مەککەو حونەینو تائیف، بوو بە هۆکارێك بۆ خۆڕاگرتنی زۆرێکیان بەرانبەر ئەوانەی تریان کە پاشگەزبووبوونەوە.

فەزارەیش ـ کە بەشێکە لە هۆزی غەتەفان ـ لە نەجد بە سەرۆکایەتی عویەینەی کوڕی حیصن هاوپەیمانێتیان کرد لەگەڵ تولەیحەی ئەسەدی.

هەندێکی تریش لە بەشەکانی هۆزی بەنی بەکری کوڕی وائیل لە بەحرێن بەسەرۆکایەتی حوتەمی کوڕی ڕەبیعە هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام، هۆزی عەبدولقەیسیش جێگیر بوون لەسەر ئیسلام بەسەرکردایەتی جارودی کوڕی موعەیدی، بەڵام زاڵبوون لە بەحرێن بۆ هەڵگەڕاوکان بوو لە ئیسلام پێش گەیشتنی هێزەکانی ئیسلام لە مەدینەوە.

هۆزی ئەزدیش لە عومان لە نێوان خۆیاندا دابەشبوون، هەندێکیان بەسەرکردایەتی جەیفەرو عەببادی کوڕانی جەلەندی هەر لەئیسلام مانەوە، هەندێکیشیان دوای (ذي التاج) لوقەیتی کوڕی مالیکی ئەزدی کەوتن کە دەستی گرت بە سەر عومانداو جەیفەرو عەببادیان دەرکرد بۆ چیاو ڕۆخەکانی دەریا.

سەبارەت بە هۆزەکانی حەزرەمەوتیش، کە بریتی بوو لە هۆزەکانی کیندەو سەکاسیكو سکون، هەندێکیان پارێزگاریان کرد لەسەر پشتیوانکردنیان بۆ ئیسلامو بەیعەتیشیاندا بە فەرمانڕەوا زیادی کوڕی لەبیدی بەیازی، لەکاتێکدا هەندێکی تریان پەیوەندیان کرد بە ئەشعەسی کوڕی قەیسی کیندی کە قەدەغەکردنی زەکاتی کرد، دوای ئەوەش پشێوی ڕانەوەستا لە حەزرەمەوت تا ئەوکاتەی هێزکانی ئیسلام گەیشتن.

سەرەڕای ئەوەش کە بزووتنەوەی ئەسوەدی عەنسی هەر لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺ لەناو برا، بەڵام وەفاتی پێغەمبەر ﷺ ڕێگای خۆشکرد بۆ دابەشبوونێکی مەترسیدار لەنێو هۆزەکاندا،

هەندێکیان کۆبوونەوە لە دەوری فەرمانڕەوا فەیرووز کە لە (الأبناء) بوو، هەندێکیشیان لە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا دەرچوون وەکو قەیسی کوڕی عەبدویەغوس(مەکشوح) کە تەماعی سەرۆکایەتی هەبوو، پەناشی بردە بەر پاشماوەکانی بزووتنەوەی ئەسوەدی عەنسی.

بەم شێوەیش بزووتنەوەکانی پاشگەزبوونەوە تەشەنەیان کرد لەسەردەمی ئەبوبەکر (ڕەزای خوای لێبێت)، لە باکووری دورگەو ڕۆژهەڵاتیو باشووری، زۆریشی نەمابوو دەوڵەتی ئیسلام لەناو ببەن.

باسی سێیەم:
سەرکوتکردنەوەی هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام

ئەبوبەکر (ڕەزای خوای لێبێت) بە مەبەستی سەرکوتکردنەوەی هەڵگەڕاوەکان لە ئیسلام‌و ئینجا کۆمەڵکردنی ئەوانەی لەسەر ئیسلام مابوونەوە لە مەڵبەندەکانی پاشگەزبوونەوە، پشتی بەست بە خەڵکی مەدینەو مەککەو تائیف‌و دەوروبەری.

هیچ ئاماژەیەکیش نەهاتووە کە یەکێك لە خەڵکی مەدینە بیری کردبێتەوە لە هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام، بە هەمان شێوە خەڵکی مەککەیش جێگیر بوون لەسەر ئیسلام، بەڵام لەوانەیە هەندێك بیریان لەپاشگەزبوونەوە کردبێت، بۆ نموونە عەتابی کوڕی ئوسەیدی کوڕی ئەبو عاص ـ کاربەدەستی مەککە ـ خۆی شاردەوە، سوهەیلی کوڕی عەمریش هەڵوێستێکی شەرەفمەندانەی نواند کە کاریگەری باشی هەبوو لەسەر جێگیرکردنی خەڵکیی لەسەر ئیسلام، گوتاری ئاڕاستەیان کرد وتی: "ئەم شتە تەنها ئیسلام بەهێزتر دەکاتەوە، جا ئەگەر گومانمان لە هەرکێ بوو لەگەردنی دەدەین"، بەهەمان شێوە خەڵکی تائیف، لەسەر دینداری خۆیان جێگیر بوون، لەوانەشە هەندێکیان خەریکبوبێت هەڵگەڕێنەوە لە ئیسلام، عوسمانی کوڕی عاص ـ کاربەدەستی تائیف ـ وتاری ئاڕاستە کردن و وتی: "ئەی ڕۆڵەکانی سەقیف، ئێوە ئاخرین کەس بوون موسڵمان بوون، نەکەن بن بە یەکەمین کەسانێك لێی هەڵگەڕێنەوە".

لەوانەشە پەیوەندیی پتەوی مەککەو تائیف وایکردبێت سەقیف پەنا ببەنە بەر هێمنی وەکو مەککە.

دانیشتووانی هەرسێ شارەکە بەشێکیان بەرکەوت لە پەروەردەی ئیسلامیی‌و ئامۆژگاری پێغەمبەرایەتی زیاتر لە شوێنەکانی تر، ئاشنای ڕێنمایەکانی ئیسلامیش بوون لە نزیکەوە، شارەزایشیان تیا پەیدا کرد، بۆیە دانیشتوانی تەوەرەی (مەدینە ـ مەککە ـ تائیف) هەر هەڵسان بەکاروباری ئیسلام‌و شەڕوشۆڕی پاشگەزبووەکان، لەوەشدا یارمەتیان وەرگرت لە ئەو کەسانەی لەسەر ئیسلام مابوونەوە لە خوودی ناوچەکانی پاشگەزبوونەوەدا.

یەکەمین پێکدادانیش ڕوویدا لەگەڵ هەڵگەڕاوەکاندا، لە خیلافەتی ئەبوبەکردا بوو (ڕەزای خوای لێبێت) لەگەڵ هۆزەکانی فەزارەو ئەسەد کە دەرچوونی هێزەکانی ئوسامەیان قۆستەوە لە مەدینەو هەوڵیاندا هێرش ببەنە سەر مەدینە، ئەبوبەکر (ڕەزای خوای لێبێت) پارێزگاری بۆ مەدینە

ڕێکخست، موسڵمانانیشی ناچارکرد کە ئامادەبن بۆ نوێژەکان لە مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ وەکو ئامادەباشی بۆ ڕووداوی کتوپڕ، دواتر دەرچوو لەگەڵ موسڵماناندا بۆ ناوچەی (ذی القصة) ـ ماوەی بەریدێك دووربوو لە مەدینەوە بەلای نەجددا. لەوێ یەکەمین هێرشی عەبس و دوبیانی شکاندنەوە بۆ سەر شاری مەدینە، پاش زیاتر لە مانگێك لە دەرچوونی هێزەکەی ئوسامە. دوای چەند ڕۆژێك ئوسامە گەڕایەوە بۆ مەدینە، ئەبو بەکر (ڕەزای خوای لێبێت) کردی بەجێنشینی خۆی لە مەدینە و چوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی عەبس و دوبیان لە ڕەبەدەو تێکیانی شکاند، کاتێك سەربازەکانی ئوسامە حەسانەوە، ئەبو بەکر (ڕەزای خوای لێبێت) یانزە بەیداخی بەدەستی خۆی بەست بۆ شەڕی پاشگەزبووەکان، فەرماندەکانی لەسەریان دەستنیشانکرد بەم شێوە:

١ـ خالیدی کوڕی وەلیدی[١] ئاڕاستە کرد بۆلای تولەیحەی کوڕی خوەیلیدی ئەسەدی لە بەنی ئەسەد، دوای ئەوانیش بۆ لای مالیکی کوڕی نوەیر لە تەمیم.

٢ـ عیکرەمەی کوڕی ئەبو جەهل، بۆلای موسەیلەمەی کوڕی حەبیبی درۆزن لە یەمامە، بەڵام سەرکەوتوو نەبو لە کارەکەی، بۆیە فەرمانی پێکرد بچێت بەرەو عومان.

٣ـ موهاجیری کوڕی ئومەیە، بۆ یەمەن بۆ لەناوبردنی قەیسی کوڕی عەبدو یەغوسی (مەکشوح) ئەمجا بۆ حەزرەمەوت بۆ لەناوبردنی کیندە بە سەرکردایەتی ئەشعەسی کوڕی قەیس.

٤ـ خالیدی کوڕی سەعیدی کوڕی عاص، بۆ سنوورەکانی شام.

٥ـ عەمری کوڕی عاص، بۆ خوزاعە.

٦ـ حوزەیفەی کوڕی یەمان، بۆ دوبا.

٧ـ عەرفەجەی کوڕی هەرسەمە، بۆ مەهرە.

٨ـ شورەحبیلی کوڕی حەسەنە، بۆ یارمەتیدانی عیکرمە.

٩ـ حوزەیفەی کوڕی حاجیز، بۆ بەنی سولەیم.

١٠ـ سوەیدی کوڕی موقەڕین، بۆ تیهامەی یەمەن.

١) فەرموودەی: "نعی رسول الله ﷺ اهل مؤتة علی المنبر ثم قال: فاخذ الرایة خالد بن الولید وهو سیف من سیوف الله". واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ هەواڵی مردنی موجاهیدانی موئتەی ڕاگەیاند لەسەر مینبەرو فەرمووی: دوای ئەوە ئاڵاکە خالیدی کوڕی وەلید هەڵیگرت کە ئەو شمشێرێکە لە شمشێرەکانی خوا. اخرجه الحاکم : ٣: ٢٩٨ وصححه وتعقبه الذهبي بقوله: لم یسمع ایوب ـ وهو السختیانی ـ من انس ـ وهو ابن مالك الصحابی ـ لکنه راه.

١١- عەلای کوڕی حەزرەمی، بۆ بەحرێن.[١]

ئەبوبەکر (رەزای خوای لێبێت) نامەشی ئاراستە کرد بۆ هەموو پاشگەزبووەکان، پێشی سوپاکان کەوتن، نامەکان بیرخستنەوەو ئامۆژگاریو ترساندنی لەخۆ گرتبوو، ئارامیش بۆ ئەو کەسەیە گوێڕایەڵی بکاتو بگەڕێتەوە بۆ ئاینی خۆی.

لەناوبردنی هەڵگەڕانەوەی توڵەیحەی ئەسەدی:

عەبسو دوبیان لە پاش تێکشکانەکەیان کۆبوونەوە لە (ذي القصة) لە دەوری توڵەیحە لە ناوچەی بەزاخە، ژمارەیەکیش لە پیاوانی تەی پیان گەیشتن، جا کاتێك ئەبوبەکر (رەزای خوای لێبێت) خالیدی کوڕی وەلیدی ئاڕاستەکرد بۆ لەناوبردنی توڵەیحە، عەدی کوڕی حاتەم هەوڵێکی سەرکەووتویدا، تیایدا قەناعەتی کرد بە هۆزی تەی بگەڕێنەوە بۆ ئیسلامو بچنە ڕیزی سوپاکەی خالیدیشەوە، بێگومان ئەوەش توڵەیحەی لاوازکرد، عویەینەی کوڕی حیصنی فەزاریش سوپاکەی تولەیحەی سەرکردایەتی دەرکردو حەوت سەد جەنگاوەری خەڵکی فەزارەی لەگەڵدا بوو، جا کاتێك خالید بە سوپای ئەسەدو فەزارە گەیشتو شەڕ گەرم بوو، عویەینە بە دروستی بۆیان دەرکەوت کە تولەیحە درۆزن بوو، بۆیە لەگەڵ فەزارەدا لە شەڕەکە کشانەوە... تولەیحەیش هەڵهات بەرەو شامو لەویش گەڕایەوەو موسڵمانێتی خۆی ڕاگەیاند و بەردەوامیش لەسەر ئیسلام هەر مایەوە.

لەناوبردنی مالیکی کوڕی نوەیرە:

دوای ئەوەی کە خالید پاشگەزبوونەوەی بەنی ئەسەدی سەرکوتکردەوە، ڕوویکردە ناوچەکانی تەمیم، کاتێك مالیکی کوڕی نوەیرە بەهاتنی موسڵمانانی زانی، داوایکرد لە کەسو کارەکەی بڵاوە بکەن بۆ ناومالەکانیان، چونکە توانایان نیە بەرەنگاریان بکەن - خۆیشیان دووبەرەکیان تیادا بوو- موسڵمانان چوونە ناو ماڵەکانی تەمیمەوەو مالیکیان بەدیلی گرت، خالید مشتو مڕی لەگەڵ کرد، کاتێك بۆی دەرکەوت لە ئیسلام هەڵگەڕاوەتەوەو زەکاتی قەدەغەکردووە، فەرمانی کرد بە کوشتنی و ئیتر کوژرا، خالید لەیلای خێزانی مالیکی مارەکرد دوای تێپەڕبوونی عیددەکەی، هەندێ ڕیوایەتی هەڵبەسراو لە کتێبەکانی مێژوودا هاتووە ئاماژە بەوە دەکات کە خالید مالیکی کوشتووە سەرەڕای ئەوەی کە لەسەر ئیسلام بووە، یان کوژرانی مالیك بە بۆنەی هەڵەگەیشتن بووە لە وتەی خالد "ادفئوا اسراکم" ئەم وتەیەیش لە زمانی ئەواندا واتای کوشتنی گەیاندووەو خالید

١) الطبري: تأريخ ٣: ٢٤٩ من رواية سيف.

مەبەستی کوشتنی نەبووە، ئەبوبەکریش (ڕەزای خوای لێبێت) پێی ناخۆش بوو کە خالید هەڵسا بە مارەکردنی لەیلا، عەرەب ڕقیان لە ژنهێنان بوو لە بارودۆخی شەڕدا.[1]

لەناوبردنی پاشگەزبوونەوەی موسەیلەمەی درۆزن:

لەپاش سەرکوتکردنەوەی خالید بۆ پاشگەزبوونەوەی بەنی تەمیم ڕوویکردە یەمامە بۆ لەناوبردنی پاشگەزبوونەوەی بەنی حەنیفە، پێشتریش عیکریمە تێکشکابوو بەرانبەر بەنی حەنیفەو ئەبوبەکر فەرمانی پێکردبوو بچێت بۆ عومان، بەهەمان شێوە شورەحبیلی کوڕی حەسەنە هەرەسی هێنابوو لە دژیانو دواتر چووە پاڵ سوپاکەی خالید، موسەیلەمە چل هەزار کەسی لە هۆزەکەی خۆی کۆکردەوە[2] بەو هێزەوە پێشکەوت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خالید، ئیتر جەنگی عەقربیای سەخت هەڵگیرسا، ئەو جەنگەی کە موهاجیرو ئەنصارەکان ئازایەکی بێوێنەیان تیایدا پیشاندا، بەنی حەنیفەیش بەرگرییو زاتکردنێکی زۆریان پیشاندا تەنانەت خالید خۆی شایەتی دا بۆیان، سوپای موسڵمانانیش نزیکەی (١١٠٠٠) جەنگاوەر بوون،[3] دوو هەزارو پێنج سەدیان لە موهاجیرو ئەنصار بوو[4]، ئەوانی تریش لە خەڵکی بیابانەکان بوون لەو کەسانەی کە لەسەر ئیسلام جێگیر بووبوون.

لە سەرەتای ڕووبەڕووبوونەوە، موسڵمانان پاشەکشیان کرد بەرانبەر زۆریی هێزی دوژمنەکانیان تا گەیشتنەوە جێو ڕێی خۆیان، ئەوسا سەرکردە نەبەردەکان هاواریان کرد لیان، ئەنصارەکان داوایان لە خالیدی کوڕی وەلید کرد، با هەر هۆزێك بە جیا شەڕ بکات، خالید بە بۆچوونەکەیان قایل بوو، ئیتر موهاجیرەکانو ئەنصارەکان هەریەکەو لە بەرەیەکدا جەنگیانکرد، هەموو هۆزێکیش لە بەرەیەکدا شەڕیانکرد بۆ ئەوەی ئازا لە لاواز جیابببێتەوەو بزانن موسڵمانان لە کام لاوە زەفەریان پێدەبرێت، ئیتر هەموان کێبڕکێیان دەکرد لە جەنگدا، توانیشیان بەنی حەنیفە بگەڕێننەوە بۆ باخچەی مەرگ، ئەمجا

---

١) راجە صادق ابراهیم عرجون: خالد بن الولید.

٢) ڕیوایەتەکان زیادەڕەوی دەکەن لە مەزندەکردنی ژمارەی سوپای موسەیلەمە، بۆ نموونە (ابن کثیر) دەڵێت نزیك سەدهەزار کەسن یان لەوەش زیاترن، لە شوێنێکی تردا دەڵێت چل هەزار کەس بوون (البدایة والنهایة ٦: ٢٦٨)

٣) (ابن کثیر) دەگێڕێتەوە کە یانزە هەزار کەس بوون (البدایة والنهایة ٦: ٢٦٨) بەنی حەنیفە باخچەیەکی زۆر گەورەیان هەبوو، شوورەی بەرزی هەبووە، لەگەڵ دەرگای قایمو بەهێزدا، پەنایان بۆی دەبرد لەکاتی قەیرانو نارەحەتیدا، جا کاتێك کە تێکشکان لە شەڕەکەدا هەموویان ڕایانکرد بۆ ئەو باخچەیە، لەوێیش مەرگی سووریان بەرەو ڕووچوو، جا ئەو باخچە بە باخچەی مەرگ ناسرا لەبەر زۆری ئەو کەسانەی لەبەنی حەنیفە تیایدا کوژران (وەرگێڕ)

٤) الدیاربکری: تأریخ الخمسین ٢: ١٦٠.

بەزۆر چوونە ناو باخچەکەوەو هەڵسان بە کوشتنی موسەیلەمەو ڕەججالی کوڕی عەنفەوەو موحەکیمی یەمامە کە ئەمانە سەرانی هۆزی بەنی حەنیفە بوون" لە ئاکامی ئەم جەنگەدا ژمارەیەکی زۆر لە موسڵمان شەهید بوون ڕیوایەتەکان مەزەندەیان کردووە بە (٤٥٠[١]ـ ١٧٠٠[٢]) شەهید، لە هەندێ ڕیوایەتیشدا هاتووە کە (١٢٠٠)[٣] شەهید بوونە، سێ یان پەنجایان لە هەڵگرانی قورئان بوون[٤]، کە ئەوەیش بوو بە هاندەرێك بۆ کۆکردنەوەی قورئان لەسەردەمی ئەبو بەکر.

سەبارەت بە کوژراوانی بەنی حەنیفەیش بەپێی هەندێ ڕیوایەت گەیشتە (١٠٠٠٠) کوژراو[٥]، هەندێ ڕیوایەتی تریش هەیە دەیانگەیەنێت بە (٢١٠٠٠) کوژراو[٦]. تا ئێستاش شوێنەواری گۆڕی شەهیدان لە هاوەڵان ئاشکرایە لە لای شاری جوبێلەی نزیك باخچەی (حديقة الموت)[٧]شەڕەکە بە گرێبەستی ئاشتی کۆتایی پێهات، دوای ئەوەی کە خەریك بوو بەنی حەنیفە بە جارێ لەناو بچن، دوای ئەویش کە جەنگ بە تەواوی موسڵمانانی بێ هێزکردو هەندێك لە چاکترین سەرانیان تیابردو برینداری سەختیش بەزۆرێك لە موسڵمانانەوە بوو، خالید ئاشتەوایی کرد لەگەڵ مەجاعەی کوڕی مەرارەی حەنەفی ـ کەپێش جەنگەکە بەدیل گرتبووی ـ لەسەر ئەوەی کە بەنی حەنیفە بگەڕێنەوە بۆ ئیسلامو قەڵاکانیان بدەن بەدەستەوەو لەگەڵ نیوەی سەروەتو سامانو چەکەکانیان، هەروەها نیوە (یان چواریەکی) کۆیلەکانیشیانو بەشێك لە کێڵگەکانیان.[٨]

یەکێك لە توێژەرەوە هاوچەرخەکان بۆچوونی هەندێك لە ڕۆژهەڵاتناسەکانو هەڵسەنگاندنیان بۆ بزووتنەوەی موسەیلەمە دەخاتە ڕوو دەڵێت: "لەوانەیە توێژەر لەگەڵ زۆرێك لەڕاوبۆچوونی توێژەرەوانی پێش خۆیدا

---

١) خليفة بن خياط: التأريخ ١١١.

٢) البلاذري: فتوح البدان ١: ١١١.

٣) البلاذري: فتوح البلدان ١: ١١١، والطبري: تأريخ ٣: ٢٩٦، وابن اعثم: كتاب الفتوح ١: ٤٠، ٤٤، والكلاعي: الاكتف ١٧٦، والدياربكري: تأريخ الخميس ٢: ٢٢٠ فى حين ينفرد برواية اخرى تذكر انهم ١٨٠٠ شهيد.

٤) خليفة: التأريخ ١١١.

٥) الطبري: تأريخ ٣: ٢٩٤، وابن كثير: البداية والنهاية ٦: ٣٢٥، والدياربكري: تأريخ الخميس ٢: ٢٢٠.

٦) الطبري: تأريخ ٣: ٢٩٧، وابن كثير: البداية والنهاية ٦: ٣٢٥. هەروەها بڕوانە بۆ ئەو خشتەی کە (احسان صدقى العمد) هەڵساوە بە دروستکردنی لە توێژینەوەکەیدا: حركة مسيلمة الحنفى ٦٧ـ ٦٨.

٧) الكلاعي: الاكتاف (حروب الردة) ص١٨٠ کولاعی لە یەعقووبی و زوهری دەگێڕێتەوە کە زیاتر لە حەوت هەزار کەس بوونە، حەوتسەدیان لە بەنی حەنیفە بوونە، و احسان العمد: حركة مسيلمة الحنفي ٧١.

٨) الزركلي: اللاعلام ٨: ١٢٥، واحسان صدقي العمد: حركة مسيلمة الحنفي ٦٩.

پێکبێت لەسەر سروشتی بزووتنەوەی موسەیلەمە، لە ڕووی ئەوەی کە پۆشاکی ئاینی لەبەر کردوبانگەشەی پێغەمبەرایەتی کرد، مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی لە جیابوونەوە، لەسایەی بۆشایەکی سیاسی کە لە دوورگەی عەرەبدا دروست بووە هەروەها لەپێناو پتەوکردنی شکۆی هۆزایەتی بەنی حەنیفەو بەرەبەرەکانیان بۆ قوڕەیش، ئینجا قایلنەبوونیان بە ملکەچیو شوێنکەوتنی مەدینە، چاوتێبڕینیان بۆ دروستکردنی قەوارەیەکی هاوتا بۆ قەوارەی مەدینە، کە پارێزگاری بکات لە بەرژەوەندیە سیاسیو کشتوکاڵیو بازرگانیەکان، بەڵام بزووتنەوەی موسەیلەمە - سەرەڕای هەموو شتێك - بزووتنەوەیەکی دروستکراوی کاڵوکرچ لە ڕووی هزرو بیرو باوەڕەوە، بەتایبەتی ئەگەر بەراوردێك بکرێت لەگەڵ ئیسلامو بنەما بەرزەکانیو گشتگیری بیرو باوەڕوشەریعەتی، کە مەسەلەی هۆزایەتیو هەرێمایەتیو نەتەوایەتی تێپەڕاندووە، بەڵکو بەرزیش بوونەوە بۆ ئاستی مرۆڤایەتی جیهانی، بەم شێوەش ئیسلام ئەو بزووتنەوەو هاوشێوەکانیشی بەزاند بە بیرو باوەڕ، پێش ئەوەی بیانبەزێنێت لە گۆڕەپانی جیهادو شەهید بوون، بۆیە بزووتنەوەی موسەیلەمە زیاتر لەوە دەچوو کە بزووتنەوەیەکی کاردانەوەی هەڵەشەو هەڕەمەکیە دژ بە بزووتنەوەیەکی ئیسلامیی ڕاستگۆو ڕەسەن". [1]

کۆتای پێهێنانی پاشگەزبوونەوەی بەحرێن:

نەوەکانی بەکرو عەبدولقەیس لە هۆزەکانی ڕەبیعە لە بەحرێن جێگیر بوون، پادشاکەشیان مونزیری کوڕی ساوا موسڵمان بوو لەسەر دەستی عەلای حەزرەمی لە ساڵی نۆێ کۆچی، مونزیر لە هەمان ئەو مانگەی پێغەمبەر ﷺ وەفاتیکرد تیایدا ئەویش وەفاتی کرد، دوای ئەوەی خەڵکی بەحرێن هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام جگە لە نەوەکانی قەیس کە جارودی سەرگەورەیان توانی قایلیان بکات بە جێگیر بوون لەسەر ئیسلام، حوتەمی کوڕی ڕەبیعە بوو بە سەرکردەی هەڵگەڕانەوە لە ئیسلامو، ئابلۆقەی جاڕوودیدا لەناوچەی جەواسا، جا هەر لەوکاتەدا عەلای حەزرەمی بەسوپایەکەوە هات بۆ بەحرێنو پەیوەندیکرد بە جاڕوودەوە، بۆماوەی یەك مانگ جەنگ بەردەوام بوو لە نێوانیاندا بە پێکدادانێکی یەکلاکەرەوە، شەوێك موسڵمانان ئاگاداربوونەوە لەوەی کە هەڵگەڕاوەکان سەرخۆشبوونە، بۆیە هەر لەو شەوە هێرشیان بردە سەریانو لەناویانبردن و حوتەم کوژراو هەڵگەڕاوەکانیش هەڵهاتن بۆ دوورگەی دارین لە بەرانبەر بەحرێن، لە ڕێگەی بەلەمەوە، موسڵمانان

---

١) احسان صدقي العن: حركة مسيلمة الحنفي ٧٨.

بە ئەسپەکانیان لە ئاوەکەیاندا بۆ دوورگەکەو پاشماوەی هەڵگەڕاوەکانیان کوشتو دەستکەوتێکی زۆریان هێناو گەڕانەوە بۆ بەحرێن.

کۆتایی پێهێنانی پاشگەزبوونەوەی عومان و موهرە:

عومان لەسەردەمی پێغەمبەردا ﷺ ملکەچی فارسەکان بوو، دوای ئەوە جەیفەری میریان موسڵمان بوو، ئینجا پێغەمبەری خوا ﷺ عەمری کوڕی عاصی نارد بۆلایان ئیسلامیان فێربکات، ئیتر لەسەر ئەوە پێکهاتن کە ماڵی زەکات لەنێو هەژارەکانی ئەو وڵاتە دابەشبکرێتەوە، جا کاتێك پیغەمبەر ﷺ وەفاتی کرد خەڵکی عومان بەسەرکردایەتی (ذي التاج) لوقەیتی کوڕی مالیکی ئەزدی لە ئیسلام هەڵگەڕانەوە، ئینجا ئەو لوقەیتە بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکردو جەیفەریش هەڵهات بەرەو چیاکان.

ڕیوایەتێکیش هەیە باس لە بێزاری خەڵکی عومان دەکات لە دەرکردنی زەکات، قورەی کوڕی هوبەیرە بە عەمری کوڕی عاصی وت لەکاتی دەرچوونی لە عومان: "ئەی فلانی، عەرەب لەم بەرتیلدانە بێزارن، وادەبینم ئەگەر واز لە وەرگرتنی ئەو ماڵو سامانانە بهێنن لیان گوێڕایەڵتان دەبن، ئەگەریش بەوە ڕازی نەبن وانازانم لە دەورتان کۆببنەوە"[١] ئەبوبەکر (ڕەزای خوای لێبێت) هەڵسا بەناردنی عەرفەجەی کوڕی هەرسەمەی بارِقی بۆ موهرە، حوزەیفەی کوڕی موحصینی غەلفانیش بۆ عومان، ئینجا عەکریمەی بەدوایاندا نارد دوای ئەوەی کە هیچی پێنەکرا بەرانبەر بەنی حەنیفە. سەرکردایەتیشی دایە دەستی عەکریمە، کە توانی لوقەیتی ئەزدی لەناوبداتو عومان بگێڕێتەوە ڕیزکانی ئیسلام بە هاوکاری لەگەڵ جەیفەرو بەنی عەبدولقەیس، کە یارمەتیاندا لە بەحرێنەوە دوای ئەوە عەکریمە بەڕێکەوت بەرەو موهرە کە خەڵکەکەی پاشگەز بووبوونەوە لە پاڵی عیکرمە و هەندێکیان لە دژی شەڕیان کرد، دوای ئەوە بەڕێکەوت بەرەو حەزرەمەوتو یەمەن بۆ هاوکاریکردنی موهاجیری کوڕی ئەبو ئومەیە بۆ کۆتایی پێهێنانی هەڵگەڕانەوە لەوێ[٢].

---

١) الطبري: تأريخ ٣: ٢٥٩.

٢) جیاوازیەکی زۆر هەیە لە وردەکاری ڕووداوەکاندا لەنێوان ڕیوایەتی سەیفی کوڕی عومەر لەلای تەبەری (الطبري: تأريخ ٣: ٣١٧٤- ٣١٦)و ڕیوایەتی واقیدی لەلای کولاعی (الكلاعي: الاكتاف ٢٠٨- ٢١١، ٢١٧) هەردو ڕیوایەتەکانیش سەنەدیان لاوازە، جیاوازی ناوەڕۆکەکەشی زیاترە.

کۆتایی پێهێنانی پاشگەزبوونەوەی یەمەن :

هەرئەوەندە بوو کە خەڵکی یەمەن بە مردنی پێغەمبەر ﷺیان زانی، تاکو قەیسی کوڕی عەبدو یەغوس لە ئیسلام پاشگەزبوویەوە، دادەوەیشی کوشت، نامەشی نارد بۆ پیڕەوکەرانی ئەسوەدو داوای یارمەتی لیان کرد، ئینجا دەستی گرت بە سەر صەنعاو ئەبنائەکانی وەدەرنا، هەروەها عەمری کوڕی مەعدیکەرەب هەڵگەڕایەوە لە نەجران.

ئەبوبەکر (ڕەزای خوای لێبێت) هەڵسا بە دانانی فەیرووز وەکو فەرمانڕەوا بۆ یەمەن، ئەویش هانای هێنا بۆ خاڵوانی، هۆزەکانی عەكك‌و عەقیلیش یارمەتیاندا، بۆیە توانی قەیس لە صەنعا وەدەربنێ، قەیس لەگەڵ عەمری کوڕی مەعدیکەرەب هاوپەیمانێتیان کرد، پەشێویش هەر بەردەوام بوو تا هاتنی عەکریمەی کوڕی ئەبو جەهل لە عومانەوەو مهاجیری کوڕی ئەبو ئومەیە لە مەدینەوە، کە توانیان یەمەن پاکبکەنەوە لە پاشگەزبووەکان، توانیشیان عەمری کوڕی مەعدیکەرەب‌و قەیسی کوڕی عەبدو یەغوس کۆتبکەن‌و بیاننێرن بۆ لای ئەبوبەکر (ڕەزای خوای لێبێت)، کە لەوێ داوای تەوبەیان لێکردن و ئەوانیش تەوبەیان کردو ئەبوبەکر لیان خۆش بوو.

بەم شێوەیش ڕووداوەکانی پاشگەزبوونەوەی دووەم کۆتایی پێهات لە یەمەن، کەتیایدا بەربەرکانێی هۆزایەتی‌و تەماعی کەسێتی[1] بەئاشکرا دەرکەوت، یەکێ لە هۆکاری وروژاندنی هۆزەکانیش ئەوەبوو (الابناء) کە یەمەنیان حکومڕانی دەکرد بە نەژاد عەرەب نەبوون.

کۆتایی پێهێنانی هەڵگەڕانەوەی حەزرەمەوت :

کوڕانی عەمری کوڕی موعاویە بەسەرکردایەتی چوار پادشاکە زەکاتیان قەدەغەکرد، پەنایان بردە بەر باخەکانیان، ئەوانەشیان لەسەر ئیسلامەتی خۆیان مانەوە، دەرچوون بەرەو لای کاربەدەستی موسڵمانان زیادی کوڕی لەبیدی بەیازی کە بەرەنگاری پاشگەزبووەکانی کردو توانی هەر چوارپادشاکە بکوژێت، ئەبوبەکریش (ڕەزای خوای لێبێت) هەڵسا بەناردنی موهاجیری کوڕی ئومەییەو عەکریمەی کوڕی ئەبو جەهل بۆئەوەی یارمەتی زیاد بدەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کیندە بە سەرکردایەتی ئەشعەسی کوڕی قەیس، موسڵمانان دوای چەندین شەڕی سەخت توانیان کیندە تێکبشکێنن‌و ئەشعەس بنێرن بۆ مەدینە کە لەوێ

١) الطبري: تأريخ ٣: ٣٢٠، ٣١٩ عن سيف. هەروەها بڕوانە بۆ پوختەکەی لەلای کولاعی: حروب الردة ٣٢٨، هەروەها بڕوانە بۆ هەندێ ڕیوایەتی پێچەوانە لە (الإصابة ١: ٢٥).

گەڕانەوەی خۆی ڕاگەیاند بۆ ئیسلام[1] هەندێ ڕیوایەتی لاوازیش هەیە باس لەوە دەکەن کە ئەبوبەکر (ڕەزای خوای لێبێت) ئوموفەروەی خوشکیشی لێمارەکردووە[2]

لە دەرەنجامی بزووتنەوەی پاشگەزبوونەوەو کۆتایی پێهێنانی یەکڕیزی فەرمانڕەوایەتی بوو بۆ ئیسلام، هەروەها داماڵینی چەکو ئەسپ لە عەرەبە بیابانشینەکان لە سەردەمی ئەبوبەکر (ڕەزای خوای لێبێت)، بێگومان ئەو شەڕانە شارەزایەکی زیاتریان لەبارەی جەنگو جوگرافیای دورگەی عەرەبەوە دەستەبەر کرد بۆ موسڵمانان، کە دواتر سوودیان لێوەرگرت لە بزووتنەوەی فەتحکردنی ئیسلامی.

١) الطبري: تأريخ ٣: ٣٣٤ـ ٣٣٩، والكلاعي: حروب الردة ٢٢٥ـ ٢٤١.

٢) الطبراني: المعجم الكبير ١: ٢٣٧، والكلاعي: حروب الردة ٢٣٨، والطبري: تأريخ ٣: ٣٣٩، والمزي: تهذيب الكمال ٣:٢٩٠.